**شادیە عەلی**
یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی سیروانی شارەزوور

# داواکارم بایەخی زیاتر به یاریی باڵه بدرێت



پارێزگای هەڵەبجەی شەهید ژمارەیەك یاریزانی كوڕ و كچی بەتوانای تێدایە لە وەرزشە جیاجیاكان كە پاشەڕۆژێكی زۆر باش چاوەڕوانیان دەكات، تیپی باڵەی كچانی سیروانی شارەزووریش یەكێكە لەو تیپانەی كە خاوەنی كۆمەڵێك كچە یاریزانی بەتوانایە لەسەر ئاستی كوردستان كە لە داهاتوودا دەتوانن ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن، یەكێك لە كچە یاریزانەكانی ئەو تیپەش (شادیە عەلی) ە كە لەدایكبووی ساڵی ١٩٨٢ی گوندی بامۆكی سەر بە پارێزگای هەڵەبجەیەو دەرچووی پەیمانگای تەكنیكی بەشی كارگێڕییەو پێشووتریش بۆ هەریەك لە یانەكانی رانیەو كۆیە و سیروانی شارەزوور یاری كردووە، لە نزیكەوە چەند پرسیارێكمان ئاراستەی كرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: كارزان كانەبی



*** ئاستی یاری تۆپی باڵە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- باڵەی کچان زۆر لە دواوەیە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە خولی کوردستان بۆ ماوەی چەند ساڵێکە نەکراوەتەوە، هۆکارەکەشی بۆ یەکێتی تۆپی باڵەی کوردستان دەگەڕێتەوە.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

- ئەنجامنەدانی پاڵەوانیەتی وادەکات ئاستی یاریزان بە باشی دەرنەکەوێت، هەروەها یاریزان بێ هیوا دەبێت لە یاریکردن، تا پاڵەوانیەتی زیاتر بێت، یاریزان بەتواناتر و یاری بۆ خۆشەویست دەبێت، دەشتوانێت توانا و وزەی زیاتر بگرێت بۆ یاریکردن.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری تۆپی باڵەی کچان بەرەو پێش بچێت؟**

- لە رووی ماددییەوە پارە دابین بکرێت بۆ یانەکان و دواتر کردنەوەی خول گرنگە بۆ هەڵبژاردنی باشترین یاریزانی کچان بۆ بەشداری پێکردنیان بۆ هەڵبژاردەی عێراق، ئەمەش لە کاتی ئەنجامدانی خولی کوردستان دەکرێت.

*** گرفتی یارییەکانی تۆپی باڵە زیاتر چین؟**

- ئەم قەیرانە داراییە گرفتی سەرەکییە، دواتر نەبوونی یاریگای تایبەت بە یانەکانە، رێگرییە لە یاریزانان بۆ بەردەوامبوون، نەکردنەوەی خولی تایبەتی یاری باڵە لە کوردستاندا، ئەوان هەمووی گرفتن بۆ یاریزانان.

*** لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش نەکراوە؟**

- پێشووتر لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی پێم وتراوە بۆ یاریکردن، بەڵام بەهۆی گرفتی هاتوچۆم نەمتوانیوە، یانەکانی تریش پێیان گوتووم، بەڵام بە هۆی هەمان گرفت نەمتوانیوە بۆ هیچ یانەیەك یاری بکەم.

*** بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك بەنیازی چیت؟**

- تەمەنم رێگای یاریکردنم نادات، بەڵام هەر بەردەوامم لە مەشقکردن لەگەڵ کچانی یانەکەم و دەمەوێت خزمەتی زۆری خانمانی شارەکەم بکەم لە بواری وەرزشدا بۆ ئەوەی ئاستی وەرزشی خانمان لە سەر ئاستی کوردستان بەرەوپێش بڕوات.

*** تا چەند لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- شارەزایی راهێنەری بیانی زیاترە و بۆ ئێمەی یاریزان سوودی زۆرە و تەکنیك و توانای جەستەیی یاریزانان بەهێز دەبێت، ئەمەش وادەکات یاریزان زیاتر بەردەوام بێت لە یاریکردن پێش بکەوێت.

*** چۆن بوو یانەی سیروانت هەڵبژاردووە؟**

- گرنگیدان بە یاریزان ئەمەش لەم یانەیەدا بەدی دەکرێت، لەلایەکی دیکەوە سەرجەم هاوڕێکانم لەم یانەیە یاری دەکەن، ئەمەش هۆکاری سەرکەوتنمانە.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- کردنەوەی خولی کوردستان و هاوکاریکردنی دارایی بۆ یانەکان و داواکارم بە چاوێکی باشتر سەیری یارییەکانی باڵە بکرێت.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟**

- خەونی گەورەم بەشداریکردنە لە پاڵەوانیەتییەکی دەرەوەی وڵات لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان.

*** لە هەڵبژاردەی عێراق داوا کراویت؟**

- نەخێر، داوا نەکراوم.

*** بەچ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- شیلایا یاریزانی بەرازیلی

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم بەهیوای بەردەوامبوونتان بۆ خزمەتکردن بە وەرزشی کوردستان.







# دوو یانە گەورەکەی ئەوروپا ململانێ لەسەر یاریزانێکی ئەنتەر میلان دەکەن

بەرگریکارێکی یانەی ئینتەرمیلانی ئیتاڵی لەلایەن هەردوو یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی و بەرشلۆنەی ئیسپانی هەوڵ بۆ گواستنەوەی دەدرێت.


راپۆرتەکانی هەواڵ بڵاویانکردووە بەهۆی ئاستە بەرزەکەی میلان سکرینیاری یاریزانی یانەی ئینتەر، هەریەکە لە یانەکانی مانچستەر سیتی و بەرشلۆنە دەیانەوێت لە گواستنەوەی زستانەدا گرێبەستی لەگەڵدا مۆربکەن.

ماڵپەری کاڵچیۆ مێرکاتۆ بڵاویکردووە بەهۆی ئاستە بەرزەکەی سکرینیار لە لایەن لۆچیانۆ سپالێتی راهێنەری ئینتەر وەك یاریزانی سەرەکی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، لە ئێستاشدا پیپ گواردیۆلای راهێنەری مانچستەر سیتی دەیەوێت لە گواستنەوەی زستانەدا ئەو یاریزانە بگوازێتەوە.

ماڵپەرە ئیتاڵییەکە بڵاویشیکردووە مان سیتی لەسەر گواستنەوەی سکرینیار دەبێتە رکابەری یانەی بەرشلۆنە، ئەوەش لە کاتێکدایە یانە ئیسپانیەکە خواستی گواستنەوەی ئەو یاریزانەی هەیە.

گواردیۆلا دەیەوێت گرێبەستێکی گەورە بۆ گواستنەوەی یاریزانەکەی ئینتەر پێشکەش بکات، تاوەکو یاریزانی ناوبراو بکاتە جێگرەوەی مانگالای بەرگریکاری یانەکەی، کە مانگالا لە پلانەکانی راهێنەرە ئیسپانییەکەدا نەماوە.

# سکۆلاری راهێنەرایەتی هەڵبژاردەیەکی بەشداربووی مۆندیال وەردەگرێت



لویس فیلیپی سکۆلاری لە وەرگرتنی پۆستی راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی ئوستراليا نزيك دەبێتەوە.

سکۆلاری، کە نازناوی مۆندیالی ٢٠٠٢ی کۆریای باشور و ژاپۆنی بۆ بەرازیل بەدەستهێناوە لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا گوتی: بەرپرسانی یەکێتی تۆپی پێی ئوستراليا لەسەر وەرگرتنی ئەرکی راهێنەرایەتی هەڵبژاردەکەیان بۆ مۆندیالی ٢٠١٨ی روسیا پەیوەندییان پێوە کردووە.

سکۆلاری زیاتر گوتی: بەرپرسانی یەکێتی تۆپی پێی ئوستراليا لەگەڵ بەڕێوەبەری کارەکانی گفتوگۆیان کردووە تاوەکو پۆستەکەی پۆستیکۆگلۆ راهێنەری پێشووی هەڵبژاردەکە وەربگرم، کە مانگی رابردوو دەستبەرداری پۆستەکەی بوو.

سکۆلاری لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی: دڵخۆشم بە داواکەی یەکێتی تۆپی پێی ئوستراليا، بەڵام خواستی من گرێبەستێکی ماوە درێژە نەوەك تەنیا بۆ مۆندیالی ٢٠١٨ی روسیا.

هەڵبژاردەی ئوستراليا لە یاریی پاشکۆی جیهانیدا سەرکەوتنی بەرانبەر هەڵبژاردەی هیندۆراس تۆمارکردو بۆ مۆندیالی ٢٠١٨ی روسیا سەرکەوت، لە جامی جیهانیدا لە کۆمەڵەی سێیەم شانبەشانی هەڵبژاردەکانی فەرەنسا و پیرۆ و دانیمارك یاری دەکات.




# پۆگبا نهێنی پەیوەندینەکردنی به ریاڵ مەدرید ئاشکرا دەکات

پۆڵ پۆگبای فەرەنسی و ئەستێرەی یانەی مانچستەر یونایتد نهێنییەك ئاشکرا دەکات و رایدەگەنێت پێشتر بیری لە پەیوەندیکردن بە یانەی ریاڵ مەدرید کردووە.
پۆگبا هاوینی ٢٠١٢ لە یانەی مانچستەر یونایتدەوە بەرانبەر ٥٠٠ هەزار پاوەند رویکردە یانەی یۆڤانتۆس، دواتر و لەهاوینی ٢٠١٦ لە یانەی یۆڤانتۆس بەرانبەر ٨٩ ملیۆن پاوەند پەیوەندیکردە بە مانچستەر یونایتد.

لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا، کە رۆژنامەی میرەری بەریتانی بڵاویکردووە پۆگبا گوتی: بۆ ئەوەی راستگۆ بم، پێتان رادەگەیەنم ریاڵ مەدرید قسەیان لەگەڵدا کردم، لەو کاتەشدا بیرم لە پەیوەندیکردن بەم یانە و مانچستەر یونایتد دەکردەوە
یاریزانە فەرەنسییەکە گوتیشی: هەمیشە دڵم داوای گەڕانەوەی بۆ مانچستەر لێدەکردم، خۆشم نەمدەزانی چی دەبێت و چی رودەدات.

پۆگبا گوتی: بڕیاری پەیوەندیکردنم بە یانەی مانچستەر دا و لە بڕیارەکەشم پەشیمان نیم، من لەو مرۆڤانەم، کە هەرگیز لە بڕیارەکانم پەشیمان نابمەوە.

پۆڵ پۆگبا وەرزی رابردوو بەشداری لە ٥١ یاری شەیتانە سورەکاندا کردو لەگەڵیدا نازناوی یۆرۆپا لیگ و جامی یانە پیشەگەرەکانی ئینگلیزی بەدەستهێنا.



# یونس بۆ یەک وەرز لە زاخۆ دەبێت



یونس شوکر ئەم وەرزە پەیوەندی بە یانەی هەولێر کرد بۆ ئەوەی لە هەردوو خولی نایابی یانەکانی کوردستان و عێراق بە درێسی یانەی وەرزشیی هەولێر یاری بکات، بەڵام دوورخستنەوەی یانەی هەولێر یونسی بێ هیوا کرد لە یاریکردن لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، یانەی زاخۆش بە مەبەستی بەهێزکردنی هێڵی هێرشبەری تیپەکە و رزگاربوون لەو ئەنجامە خراپانەی دەستپێکی خولەکە بە شێوەی خواستن یونس شوکری بردە ریزی یانەکەی، لەبارەی چوونیشی بۆ یانەی زاخۆ یونس شوکر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من ئەمساڵ بە فەرمی گرێبەستم لەگەڵ یانەی هەولێر کردووە بۆ هەردوو خولی نایابی یانەکانی عێراقی و کوردستان، بەڵام دوورخستنەوەی یانەی هەولێر بۆ من ناخۆش بوو کە تیپەکەمان بەشداری نەکرد، بۆیە کارگێڕی یانەی زاخۆ داوای یاری کردنیان لێم کردو منیش بە شێوەی خواستن بۆ یەك وەرز تەنیا بۆ خولی عێراقی یارییان بۆ دەکەم.» یونس گوتیشی: «بەهیوای ئەوەم بتوانم لەگەڵ یانەی زاخۆ لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەین و یانەکەش ببەینە قۆناخێکی باشتر و تیپی زاخۆ بکەینە یەکێك لە تیپە رکابەرەکان.» لەبارەی خولی کوردستانیش گوتی: «من هەر یاریزانی یانەی هەولێرم لە خولی کوردستان و تەنیا بۆ یانەی هەولێر یاری دەکەم و هەرچی لە توانام بێت بۆ یانەی وەرزشیی هەولێر ئەنجامی دەدەم، هەولێریش تیپێکی بەهێزە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، یاریکردنیش لە خولی کوردستان تام و چێژێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆیە هەرچی لەتوانامدا بێت لەم خولە ئەنجامی دەدەم، هیواداریشم ئەمساڵ خولێکی بەهێز بێت، چونکە هەموو تیپەکان بە یەکەوە یاری دەکەن، ئامانجی منیش ئەوەیە بەهێزترین خول ببینم.

# یاریزانێکی کورد بەرناکەوێ



یاریزانانی کوردی شارەکانی کوردستان لە هەموو یارییەکان پێشەنگی یاریزانانی بیانیشیان گرتووەو بوونەتە جێگای متمانەی یانەکانی تری عێراقی و یانەکانیش بە تامەزرۆیەکی زۆرەوە گرێبەستیان لەگەڵ واژوو دەکەن، یەکێك لەم یاریزانانەش یاریزانی کوردی هەڵبژاردەی باسکەی عێراقی محەممەد عەبدولخالقە کە ئەمساڵ سەرەڕای گرێبەستی زۆری بۆ یانەی کەرخ یاری دەکات، لەبارەی بوونی چەند گرێبەستێکیش محەممەد عەبدولخالق بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵیش یانەی کەرخ رێگەیان نەدام کە ریزی تیپەکە جێبهێڵم، چونکە گرێبەستی دوو ساڵم لەگەڵ تیپەکە هەبووە.» لەبارەی بوونی گرێبەستی دیکەش گوتی: «چەندین یانەی عێراقی و کوردستانی هەبوون بۆ ئەوەی گرێبەستم لەگەڵ بکەن، بەڵام یانەی کەرخ رێگەی پێ نەدام ریزی تیپەکە جێبهێڵم و ئێستاش خەریکی یارییەکانی خولی نایابی باسکەی عێراقی و یارییەکانی پاڵەوانیەتی یارییەکانی گەیشتن بە جامی جیهانی تۆپی باسکەم لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق، دەمەوێت ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم بۆ ئەوەی ببمە جێگای متمانەی راهێنەر و ئەو کەسانەی کە هاندەرمانن.» گوتیشی: «گرێبەستی من لەگەڵ یانەی کەرخ تەنیا بە شێوەی مووچەیە و دەمەوێت هەرچی توانام هەبێت پێشکەشی بکەم، رۆژێك لە رۆژانیش ئەو هیوایەم دێتەدی و دەگەڕێمەوە هەرێمی کوردستان بۆ یاریکردن، هیواخوازیشم ئاستی یاری تۆپی باسکە لە کوردستان گرنگی تەواوی پێ بدرێت و خولی بەردەوام بکرێتەوە.



# ناوبژیوانێکی کورد لە خولی پلەی سێی ئەڵمانییە

لاوانی کوردستان لە سەرتاسەری جیهان چەندین خولیا و ئارەزوویان هەیە لە یارییە وەرزشییە جۆراوجۆرەکان، لە دوای ئەو کۆچە بەربڵاوەی کە هەرێمی کوردستانیشی گرتەوە، چەندین وەرزشکاری کورد رێگای هاندەرانیان هەڵبژارد، بەڵام لە پاڵ ئەوەش بەردەوام بوون لە وەرزشکردن، یەکێك لەو کوڕە گەنجانەش بەشدار عارف محەممەدە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٨ی قەزای سەید سادقی سەر بە پارێزگای هەڵەبجەیە و لە وڵاتی ئەڵمانیا توانی ببێتە خاوەنی بڕوانامەی پلەی سێی ناوبژیوانی لە خولی ئەڵمانیا، لە بارەی بەدەستهێنانی ئەم بڕوانامەیەش بەشدار عارف بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «منیش وەکو زۆرێک لە گەنجان هاتمە ئەڵمانیا بۆ ئەوەی لەم وڵاتە نیشتەجێ بم و مافی پەنابەری وەربگرم، دواتر چوومە شاری نوربێرگ لە هەرێمی بایرن لەوێ زۆر پرسیاری کاری ناوبژیوانم دەکرد، چونکە لە کوردستانیش هەر ناوبژیوان بووم، خەڵکیش کە وەرزشوان بوون لەوێ زۆر هاوکارییان کردم و منیان قبووڵ کرد لە یەکێك لە خولەکان، داوام پێشکەش بە یەکێتی تۆپی پێی ئەڵمانی کرد لە رێگای بەشی وەرزشی یانەی بایرن میونخ، ئەوە بوو ئەوانیش داواکەیان قبووڵ کردم و توانیم بە زمانی ئەڵمانی تاقیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکی بکەم و دوای ١٤ رۆژ توانیم بڕوانامەی ناوبژیوانی پلە سێ بەدەست بهێنم، بەهیوای ئەوەشم لە داهاتوو بتوانم پلەی باشتر بەدەست بهێنم و گرنگی زیاتر بە ئاستی خۆم بدەم.